ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی کارکردنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان: توێژینەوەیەکی مەیدانی شیکاری لەهەرێمی کوردستاندا

د. ئارام تۆفیق حەمەسعید[1]

[1] زانکۆی سلێمانی، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، aram.hamasaiid@univsul.edu.iq

نووسەری پەیوەندیکار: د. ئارام تۆفیق حەمەسعید*

پوختە

ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوە بۆ دیاردە فرەڕەهەندەکەی کارکردنی منداڵان لە نێوان ٩٩٤ بەشداربووا دەکات لەهەرێمی کوردستاندا. دەرئەنجامەکان ئاماژە بە یەکتربڕینێکی مەترسیدار دەدەن لە نێوان پێویستیی ئابووری و کشانەوە لە پرۆسەی خوێندن. دەستگێڕی (٣٦.٢٪) و شاگردی (٣٣.٣٪) باوترین جۆری پیشەکانن، لە کاتێکدا (٦٨.٤٪)ی منداڵان بە شێوەیەکی نایاسایی و لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵییەوە کار دەکەن. کاریگەرییە پەروەردەییەکان قوڵن، بەجۆرێک (٦٨.٨٪)ی منداڵانی ئیشکەر وازیان لە قوتابخانە هێناوە. جیاوازیی ڕەگەزی بە ڕوونی دیارە؛ کچان ڕووبەڕووی ڕێژەیەکی زۆر بەرزتری وازهێنان بوونەتەوە کە دەگاتە (٨٢.٦٪)، لە کاتێکدا لای کوڕان ئەم ڕێژەیە (٦٧.٨٪) بووە. داتاکان دەریدەخەن کە پۆلەکانی چوارەم تا نۆیەمی بنەڕەتی، لوتکەی قۆناغەکانی جێهێشتنی قوتابخانەن.

بە شێوەیەکی بنەڕەتی، توێژینەوەکە گۆڕانکارییەکی دەروونی ئاشکرا دەکات؛ ١٩.٥٪ی ئەوانەی وازیان هێناوە "نەمانی حەز بۆ خوێندن"یان وەک هۆکاری سەرەکی ناوبردووە، هەروەها ٤٧.٨٪یان هیچ ئارەزوویەکیان بۆ گەڕانەوە بۆ پۆلەکانی خوێندن دەرنەبڕیوە. ئەم ئەنجامانە ئاماژە بەوە دەکەن کە کارکردنی منداڵان تەنها ستراتیژییەک نییە بۆ مانەوە و بژێوی دارایی، بەڵکو پرۆسەیەکی دابڕانی سیستماتیکییە لە کەرتی پەروەردەی فەرمی، کە ئەمەش پێویستی بە دەستێوەردانی بەپەلەی سیاسی هەیە لە بوارەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی پەروەردەییدا. توێژینەوەکە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە وەک میتۆدی سەرەکی، ئاماجی سەرەکی توێژینەوەکە دەرخستنی گرنگترین ئالنگاریی و کێشەکانی پەیوەستە بە کارکردنی منداڵانەوە، بە تایبەت پەیوەندی نێوان کارکردنی منداڵان و وازهێنانی لە خوێندن.

وشە کلیلییەکان: ، منداڵ، منداڵی ئیشکەر،ڕووپێوی، وازهێنان لەخوێندن.

1. پێشەکی

دیاردەی کارکردنی منداڵان یەکێکە لەو ئاڵنگەرییە جیهانییانەی کە ڕووبەڕووی مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی مرۆیی دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە تەنها لە چوارچێوەی هەژاریدا کورت نابێتەوە، بەڵکو گوزارشتە لە تێکچوونی هاوسەنگیی نێوان دامەزراوەی خێزان و سیستەمی پەروەردە و بازاڕی کار. ئاماری منداڵی ئیشکەر لە جیهاندا نزیکە لە 152 ملیۆن منداڵ (IOM,2025) . لە عیراقدا، بەپێی سایتی ڕێکخراوی نێودەوڵەت کار (www.ilo.org) و لە کۆنفرانسی تایبەت بە کارکردنی منداڵ لە عێراق، ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی 4.8% بۆ 5%ی منداڵانی عێراقی تەمەن 5-14 ساڵ مەزەندە دەکرێن کە بەشدارین لە کاری منداڵان. لە کاتێکدا کە کاری منداڵان لە سەرانسەری وڵاتدا هەیە، ڕێژەکە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی کەمترە لە ناوچەکانی دیکەی وڵات، هەرچەندە بەهۆی زۆری ژمارەی ئاوارەبووەکانەوە تا ئێستاش وەک نیگەرانییەک ماوەتەو. هەرچەندە، بەپێی ماددەی 7 لە یاسای کاری عێراقی، کارکردنی منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە و سزای یاسایی بۆ سەرپێچیکاران دیاریکراوە" (یاسای کاری عێراقی, 2015).

لە دیاردە پەیوەستەکانی کارکردنی منداڵان دیاردەی وازهێنانە لە خوێندن، لەم توێژینەوەیەدا بە ووردەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە شیکاری دەکات. لە توێژینەوەی Aziz, H. M., & Hamad, K. Q. (2021) دا کە لەسەر وازهێنانی منداڵ لە خوێندن لە کوردستاندا ئەنجامدراوە، توێژینەوەکە دەریدەخات کە هۆکارە سەرەکییەکانی وازهێنان لە خوێندن بریتین لە: هۆکاری ئابووری: هەژاریی خێزان و پێویستیی منداڵ بە کارکردن بۆ دابینکردنی بژێوی، وەک گەورەترین هۆکار دەستنیشان کراوە. هۆکاری پەروەردەیی : لاوازیی ژینگەی قوتابخانە، سزای جەستەیی، و دووریی ڕێگای قوتابخانە لە هەندێک ناوچەدا. هۆکاری کۆمەڵایەتی: کێشە خێزانییەکان، جیابوونەوەی دایک و باوک، و لە هەندێک ناوچەشدا هاوسەرگیری پێشوەختە بەتایبەت بۆ ڕەگەزی مێ. یەکێکی تر لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان، کە ئەم توێژینەوەیەش کاری لەسەر دەکات بریتیە لە جیاوازیی ڕەگەزی لە کارکردنی منداڵان و وازهێنان لە خوێندن، توێژینەوەکە کە کوڕان زیاتر بەهۆی کارکردن واز لە خوێندن دەهێنن، بەڵام کچان زیاتر بەهۆی کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی و خێزانی یان هاوسەرگیری. هەروەها قۆناغی کۆتایی بنەڕەتی (پۆلی ٧، ٨، ٩) کە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12617]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

زۆرترین وازهێنانی لە خوێندن تێدایە بە قۆناغی مەترسیدار هەژمارکردووە.

کێشەی توێژینەوەکە لەو بۆشاییە گەورەیەدا کورت دەبێتەوە کە لە نێوان دەقی یاسایی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا هەیە. سەرەڕای ئەوەی یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کارکردنی منداڵانی خوار ١٥ ساڵ قەدەغە دەکەن، بەڵام ئامارە مەیدانییەکان پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن. کێشەکە لێرەدا تەنها زیادبوونی ژمارەی منداڵان نییە لە بازاڕدا، بەڵکو مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەم کارکردنە دەبێتە هۆی دابڕانی یەکجاری لە خوێندن. توێژینەوەکە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێت:

1. پەیوەندی نێوان کارکردنی منداڵان و وازهێنان لە خوێندن چیە؟
2. جیاوازی ڕەگەزی چۆن کار دەکاتە سەر ئاستی وازهێنان لە خوێندن لای کچان و کوڕانی ئیشکەر؟
3. ئامارەکانی تایبەت بە منداڵانی ئیشکەر لەسەر ئاستی تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوون چین و چۆن کاریگەری لەسەر وازهێنان لە خوێندن دەکات؟

لەسەر بنەمای ئەم پرسیارانەوە، ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. دەرخستنی ئاماری منداڵانی ئیشکەر لە هەرێمی کوردستاندا (ڕەگەز، شوێنی نیشتەجێبوون، باری خێزانی)
2. پۆلێنکردنی جۆری پیشەکان (دەستگێڕی، شاگردی، کرێکاری) و کاریگەری هەر یەکێکیان لەسەر کاتی خوێندنی منداڵ.
3. دیاریکردنی پەیوەندی نێوان "تەمەن" و "قۆناغی وازهێنان" بۆ دۆزینەوەی ئەو خاڵەی کە تێیدا منداڵ بڕیاری وازهێنان دەدات.
4. شیکردنەوەی هۆکارە دەروونییەکان (وەک بێزاری لە خوێندن) و هۆکارە دەرەکییەکان (وەک ئاوارەبوون و هەژاری).

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا بەرجەستە دەبێت:

1. گرنگی زانستی :دابینکردنی داتای نوێ (ساڵی ٢٠٢٦) لەسەر قەبارەی نموونەیەکی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا کە دەبێتە سەرچاوە بۆ توێژەرانی داهاتوو.
2. گرنگی پراکتیکی :پێشکەشکردنی نەخشەڕێگەیەک بۆ لایەنە حکومییەکان (وەک چاودێری کۆمەڵایەتی و پەروەردە) و ڕێکخراوەکان تا بتوانن بەرنامەی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە بۆ ئەو منداڵانە دابڕێژن کە هێشتا ئارەزووی خوێندن دەکەن.

2.پێداچوونەوەی ئەدەبیات

هەرچەندە کە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کارکردنی منداڵان تەنها دەرئەنجامی هەژاری نییە، بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ بەردەوامیی هەژاری؛ چونکە منداڵان لەو سەرمایە مرۆییە بێبەش دەکات کە بۆ گەشەی ئابووریی داهاتوو پێویستە" (UNICEF, 2021, p. 12). لەبەرئەوەی ئەو منداڵانەی پێشوەختە دەچنە ناو بازاڕی کارەوە، لە داهاتوودا ڕووبەڕووی بێکاری و کەمیی داهات دەبنەوە، چونکە بێبەش بوون لەو لێهاتوویە زانستییانەی کە قوتابخانە پێیان دەبەخشێت" (ILO, 2015, p. 45).

سەرەڕای بوونی چوارچێوە یاساییەکان کە ئامانجیان پاراستنی منداڵانە، بەڵام هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانی ئابوورییەکانی ئەم دواییە و بوونی چەند کەمپێکی ئاوارە ناوخۆییەکانەوە ڕێژەی کارکردنی منداڵان تێیدا بەرزە. ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووریانە دەکات کە منداڵان ناچار دەکەن بچنە ناو بازاڕی کاری نافەرمی، لەگەڵ دەرخستنی دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی کارکردنی منداڵان لەسەر خوێندن،لەناو شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە.

ئەم توێژینەوەیە لە سەربنەمای توێژینەوەکانی پێشووی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانەوە داڕێژراوە، کە لە سەر منداڵانی ئیشکەر ئەنجامدراون لە ساڵەکانی پێشوودا (ڕووپێوی منداڵانی ئیشکەر، ٢٠٠٧)

توێژینەوەکە بەشێوەی توێژینەوەی چەندێتی و بەکارهێنانی ڕێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدرێت،لە ڕێگای ئامرازی کۆکردنەوەی پرسیارنامەوە داتاکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و هەرچوار شارەکەدا کۆدەکرێتەوە. داتای منداڵانی ئیشکەر لە شوێنە جیاوازەکاندا لەسەر بنەمانی نموونەی هەرەمەکەی ڕووبەری کۆدەکرێتەوە شیکاری دەکرێت. ماوەی کۆکردنەوەی داتا لە نێوان (2025/10/7 بۆ 2025/12/9) بووە.

توێژینەوەکە لە لایەن بەشی سێکتەری پاراستن لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت. دەرئەنجامی توێژینەوەکە وەک بنەمایەک بۆ کارکردن لە پڕۆژەی منداڵی ئیشکەر لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بەکاردەهێنرێت. بەتایبەت پەیوەندی نێوان کارکردنی منداڵی ئیشکەر و ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن

3.میتۆدۆلۆژیا / چوارچێوەی تیۆری

توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی چەندێتیە لە جۆری وەسفی (Descriptive Research)، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی

بەکارهاتووە ،کە شێوازێکی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. (حمەسعید، 2024، ل 120)

- کۆمەڵگەی توێژینەوە: منداڵانی ئیشکەر لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک وهەڵەبجە)
- نموونەی توێژینەوە: (٩٩٤) منداڵ کە بە شێوەی "نموونەی ئەگەری، جۆری هەرەمەکی ڕووبەری هەڵبژێردراون. لەم شێوازەدا شوێنی جوگرافی بەشێوەیەکی هەرەمەکی دابەشدەکرێت و نموونەکە بەپێی شوێنەکان دەستنیشان دەکرێت (Bryman, Alan.,2012, p 176)، هەر چوار شارەکە ناو بازاڕ و شوێنەکانی کارکردن و گەڕەکەکان دابەشکراون و بە شێوەیەکی هەرەمەکی نموونەیان لێوەرگیراوە.
- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری: فۆرمی پرسیارنامە ئامادەکراوە، لە ڕێگای ئامێری ئەلکترۆنیەوە توێژەرەکان پرسیارەکان کردووەتەوە و پرسیاریان لە نموونەکان کردووە .
- شیکردنەوەی ئاماری: بەکارهێنانی خشتە سادەکان و خشتە ئاوێتەکان (Cross-tabulation) بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان لەڕێگای بەرنامەی SPSS ەوە،

4. ئەنجامەکان / شیکردنەوە

4.1 داتای سەبارەت بە دیمۆگرافیای نموونەی توێژینەوەکە:

خشتەی (1)

جۆری نموونەکە					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	هی تر	19	1.9%	1.9%	1.9%
	ئاوارەی ناوخۆ	289	29.1%	29.1%	31.0%
	پەنابەر	98	9.9%	9.9%	40.8%
	خانەخوێ	546	54.9%	54.9%	95.8%
	کۆچەری	42	4.2%	4.2%	100.0%
	کۆی گشتی	994	100.0%	100.0%	

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی ٥٤.٩٪ منداڵی خانەخوێن، لە هەرچوار شارەکەی هەرێمی کوردستاندا، زیاتر لە نیوەی منداڵەکان دانیشتووی کۆمەڵگاکەن. بەپلەی دووەم، منداڵی ئاوارەی ناوخۆیی بەڕێژەی ٢٩.١٪ ی کۆی گشتی نموونەکە پێکدەهێنێت. منداڵانی ئیشکەری ئاوارەی ناوخۆ بریتین لە منداڵانی شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عیراق کە لە کاتی شەڕی داعشەوە لە ناو کەمپەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و ناوشارەکاندا دەژین. بە ڕێژەی کەمتر و جیاواز منداڵانی ئیشکەری کۆچەری و پەنابەر نزیکەی ١٥٪ ی کۆی گشتی نموونەکە پێکدەهێنن، ئەم منداڵانە ئاوارەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، کە لە کەمپەکانی پەنابەرەکان یان لە ناو شارەکاندا دەژین. خشتەکە دەریدەخات، کە منداڵانی ناوخۆی شارەکان زۆرترینن کە کار دەکەن. بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانکاری دەستڕاگەشتن بەکار، یان کارکردن لەگەڵ خێزانەکاندا.

شوێنی نیشتەجێبوون					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	هەولێر	437	44.0%	44.0%	44. 0%
	سلێمانی	315	31.7%	31.7%	75.70%
	دهۆک	176	17.7%	17.7%	93.40%
	هەڵەبجە	54	5.4%	5.4%	98.80%
	هیتر	12	1.2%	1.2%	100.00%
	کۆی گشتی	994	100.0%	100.0%	

خشتەی (2)

خشتەکە شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، بەمانایەکی تر بریتیە لە داتای قەبارەی کارکردنی منداڵ لە شارەکاندا. شاری هەولێر، زۆرترین منداڵی ئیشکەری تێدا تۆمارکراوە، کە ٤٤٪ ی نموونەکە پێکدەهێنێت. زۆری ئەم ژمارەیە، پەیوەندی بە چڕی دانیشتوان، بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و پەناهەندە، بوونی گەشتیارەوە هەیە. بە پلەی دووەم شاری سلێمانی دێت، کە ٣١.٧٪ ی نموونەکە دەبێت، ئەم ڕێژەیەش بەهەمان شێوە بەرزە، پەیوەندی بە ژمارەی دانیشتوان و هەبوونی بازاڕەوە هەیە، کە لە ناوچەکانی تری پارێزگای سلێمانیەوە سەردانی دەکرێت. قەبارەی دانیشتوان و بوونی جموجوڵی بازرگانی لە شارەکاندا کاریگەری هەیە لەسەر ژمارەی منداڵانی ئیشکەر، لە دهۆك ١٧٪ ی نموونەکە پێکدەهێنێت و لە هەڵەبجەش کەمترین ڕێژە تۆمار کراوە کە ٥.٤٪. ڕێژەیەکی کەمتر لە شارەکانی وەک موسل و کەرکوکەوە تۆمارکراون کە بە هاتوچۆ دەکەن بە تایبەتی بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر کە هەلی کار و جوڵەی بازاڕی زیاتر تێدایە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12617]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

خشتەی (3)

		سالّی لەدایکبوونی نموونەکە			
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	2001-2005	3	3%	0.30%	0.30%
	2006-2010	374	37.6%	37.60%	37.90%
	2011-2015	509	51.2%	51.20%	89.10%
	2016-2020	93	9.4%	9.40%	98.50%
	2021-2025	15	1.5%	1.50%	100.00%
	کۆی گشتی	994	٪100.0	٪100.0	

ئەم خشتەیە تایبەتە بە تەمەنی منداڵی ئیشکەر. بۆ ئاسانی شیکاری تەمەنەکان دوای وەرگرتنی بەرواری لەدایکبوون، تەمەنەکان لە گرووپی پێنج ساڵیدا پۆلبەندی کراون. خشتەکە دەریدەخان کە نیوەی منداڵانی ئیشکەر بە ڕێژەی ٪٥١.٢ تەمەنیان لە نێوان (٢٠١٥ – ٢٠١١) کە دەکاتە ١٠ – ١٤ ساڵی. داتای لەدایکبوونی ساڵی 2011 زۆرترین دووبارەیە کە ١٧٩ جار دووبارە بووتەوە (ناوەند)، واتە بە ڕێژەیەکی بەرچاو تەمەنی منداڵانی ئیشکەر لە ١٤ ساڵی و بەرەوخوارە. ئەم تەمەنە کەمترە لە تەمەنی دیاریکراو لە ناو یاسای کاری عێراقیدا کە بریتیە لە ١٥ ساڵی.

بەڵام، بەڕێژەی ٪٣٧.٦ تەمەنیان لە 15 ساڵی بەرەو سەرەوەیە. ئەم تەمەنە تەنها لەژێر چاودێری خێزاندا ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە خشتەکانی خوارەوە ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی منداڵانی ئیشکەر دەستگیرن و لە ژێر چاودێری خێزاندا کارناکەن. یەکێکیتر لە داتا سەرنجڕاکێشەرەکان، بریتیە لە تەمەنی خوار ١٠ ساڵی، کە لە دووگرووپی جیادا پۆلکراون، کە نزیکەی ٪١١ ی نموونەکە دەکات. ئەم منداڵانە، بەڕێژەیەکی زۆر دەستگیر و شاگردەکانن، کە لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خێزاندا نین.

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە منداڵی ئیشکەر لە شارەکانی کوردستاندا بە ڕێژەیەکی زۆر لە تەمەنی ١٤ ساڵ بەرەوە سەرەوەیە، ئەم ڕێژەیە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دیاردەی وازهێنان لە خوێندن کردووە. لە خشتەکانی خوارەوەدا ڕوونیدەکرێتەوە.

خشتەی (4)

	لەگەڵ کێ دەژیت؟			
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	دایک و باوک	485	٪85.9	85.9٪	٪85.9
	باوک	30	3٪	3٪	9٪.88
	دایک	75	7.5٪	7.5٪	٤٪ .٦٩
	زڕباوک	5	0.5%	0.5%	٪96.9
	زڕدایک	11	1.1٪	1.1٪	٩٨٪
	خوشک وبرا	12	1.2٪	1.2٪	٩٩.٢٪
	خزم (خێزانی دووەم)	3	0.3٪	0.3٪	٩٩.٥٪
	هی تر (پور، نەنک، باپیر)	4	0.4٪	0.4٪	99.9٪
	کۆی گشتی	994	٪100.0	٪100.0	

لە خشتەی (4) کە تایبەتە بە دۆخی خێزانی نموونەی توێژینەوەکەوە، داتاکە تایبەتە بە ژیانی منداڵانی ئیشکەر لە خێزانەکەیاندا، پرسیارەکە ئەوەیە کە لەگەڵ کێدا دەژین ؟، گرنگترین داتا لە دوو خشتەکەوە دەریدەخات کە منداڵانی ئیشکەر بە ڕێژەی ٪٨٥.٩ لەگەڵ دایک و باوکیان دەژین. ئەم ڕێژە بەرزە دەریدەخات کە کارکردنی منداڵ وەک کردەیەکی کولتوور و کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت لەبری تەنها دۆخێکی ئابووری بێت. بە مانایەکی تر، کارکردنی منداڵان تەنها سەرچاوەی خێزانی نیە، بەڵکو سەرچاوەیەکی لاوەکیە، لەئەگەری بوونی بەخێوکەری خێزانەکەیدا. بەڵام، لە هەمانکاتدا، خشتەکان دەریدەخەن کە نەمانی باوک بەڕێژەی ٪٨ ئەگەری هەیە لەسەر کارکردنی منداڵان، هەروەها جیابوونەوە و مردنی دایک بەڕێژەی ٦٪ .

4.2 داتای تایبەت بە کارکردنی نموونەی توێژینەوەکە :

خشتەی (5)

لە چ کاتێکدا کار دەکەیت ؟					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	بە درێژایی ساڵ	817	82.2%	82.2%	82.2%
	لە کاتی پشووی قوتابخانە	168	16.9%	16.9%	99.1%
	هیتر	9	.9%	.9%	100.0%
	کۆی گشتی	994	100.0%	100.0%	

ئەم خشتەیە کاتی کارکردنی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات. لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە بەرێژەیەکەی زۆر ٨٢.٢٪ ی نموونەکە بەدرێژایی ساڵ کاردەکەن، ئەم داتایە دەریدەخات کە نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەیەکی زۆر لە هەموو وەرزەکاندا کاردەکەن، واتە لە وەرزی قوتابخانە و پشووەکانی هاویندا کاردەکەن. بەڵام، بەرێژەیەکی کەمتر و ١٦.٩٪ تەنها لە کاتی پشووی قوتابخانەکاندا کاردەکەن. داتای ئەم خشتەیە دەریدەخات کە منداڵانی ئیشکەر لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرز بە درێژایی ساڵ کاردەکەن، واتە لە کاتی خوێندن لە قوتابخانە یان وازیان لە خوێندن هێناوە، لە خشتەکانی دواتر ئەم داتایە پشتڕاستدەکرێتەوە.

خشتەی (6)

کاتەکانی کارکردنی ڕۆژانەت					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	١-٤	180	18.1%	18.1%	18.1%
	١٣-١٦	14	1.4%	1.4%	19.5%
	١٦-١٨	1	.1%	.1%	19.6%
	٥-٨	544	54.7%	54.7%	74.3%
	٩-١٢	254	25.6%	25.6%	99.9%
	هیتر	1	.1%	.1%	100.0%
	کۆی گشتی	994	100.0%	100.0%	

خشتەکە کاتژمێرەکانی کارکردنی منداڵانی ئیشکەر دەخاتەڕوو. بەرێژەیەکی زۆر کە دەکاتە ٥٤.٧٪ ی نموونەکە کاتی کارکردنیان لە نێوان ٥ بۆ ٨ کاتژمێردایە، ئەم ماوەیە بۆ تەمەنی منداڵ کاتێکی زۆرە، بەتایبەتی بۆ منداڵی ئیشکەری دەستگیر و ئەوانەی لە دەرەوەی شوێنێکی دیاریکراو کاردەکەن. هەروەها ڕێژەی ٢٥.٦٪ ی نموونەکە، کە ڕێژەیەکی زۆرە، لە نێوان ٩ بۆ ١٢ کاتژمێر کاردەکەن. ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو زۆرە و نایاساییە، هەروەها قورسایی جەستەیی و دەروونی بۆ منداڵەکان دروست دەکات. ئەوەی جێگای سەرنجە کە بەڕێژەی ١.٥٪ ماوەی کارکردنیان زیارتر لە ١٣ کاتژمێر، هەرچەندە ڕێژەکە کەمە، بەڵام کارکردنی بەو ڕێژە زۆرە جێگای مەترسیە بۆ سەر منداڵانی ئیشکەر. جێگای ئاماژەیە، کە ڕێژەی ١٨.١٪ ی نموونەکە کاتی کارکردنیان گونجاوە و لە نێوان ١ بۆ ٤ کاتژمێردایە.

خشتەی (7)

نزیکایەتی خاوەنکار لە تۆ					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	خاوەنکارن	564	56.7%	56.7%	56.7%
	لە چوارچێوەی خێزان	282	28.4%	28.4%	85.1%
	لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان	144	14.5%	14.5%	99.6%
	هیتر	4	.4%	.4%	100.0%
	کۆی گشتی	994	100.0%	100.0%	

ئەم خشتەیە پەیوەندی خاوەنکار بە منداڵی ئیشکەرەوە دەردەخات. لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی زۆر کە دەکاتە نیوەی نموونەکە ٥٦.٧٪ خاوەنکاری خۆیانن، ئەم ڕێژەیە کارەکانی دەستگیری و کاری دەرەوەی دوکان و شوێنە ڕێکخراوەکان دەگرێتەوە، واتە بێ سەرپەرشتی خێزان و خاوەنکارەکانیان کاردەکەن.

بەڵام، نیوەی نموونەکە لە ژێر چاودێری خاوەنکاردا کاردەکەن، بە ڕێژەی ٢٨.٢٪ لە ژێر چاودێری خێزاندا کاردەکەن، هەروەها ١٤.٥٪ لەژێر دەرەوەی چوارچێوەی خێزاندا کاردەکەن. بەشێوەیەکی گشتی منداڵانی ئیشکەر بە ڕێژەی ٧٠٪ لە دەرەوەی چاودێری ئەندامانی خێزاندا کاردەکەن، ئەمەش ئەگەری مەترسی جەستەیی و دەروونی زیاد دەکات، بەتایبەتی لەسەر شەقام و نێو بازاڕەکاندا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12617]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

خشتەی (8)

لەبەرچی کاردەکەیت؟				
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو
گۆڕاو	دابینکردنی پێداویستیەکانم	528	53.1٪	53.1٪
	فشاری خێزان	116	11.7٪	11.7٪
	هاوکاریکردنی خێزان	636	64٪	64٪
	فێربوونی کار	133	13.4٪	13.4٪
	لاسایی کردنەوە	26	2.6٪	2.6٪
	سەرنەکەوتنم لە خوێندن	41	4.1٪	٤.1٪
	دەرهێنان لە خوێندن	23	2.3٪	2.3٪
	پشبەستن بە خود	158	15.9٪	15.9٪
	بێزاربوون لە ماڵ و کاتی دەست بەتاڵی	26	2.6٪	2.6٪
	کۆی گشتی			

خشتەی (9)

جۆری پیشە				
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	دەستگیری	360	٪36.2	٪36.2	٪36.2
	شاگرد	331	٪33.3	٪33.3	٪69.5
	کرێکاری	88	٪8.9	٪8.9	٪78.4
	کۆکردنەوەی شت	64	٪6.4	٪6.4	٪84.8
	دوکانداری	58	٪5.8	٪5.8	٪90.6
	هی تر	52	٪5.2	٪5.2	٪95.8
	سوالکەر	22	٪2.2	٪2.2	٪98.0
	بۆیاخچی پێلاو	19	٪2.0	٪2.0	٪100.0
	کۆی گشتی	994	100.00%	100.00%	

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە دوو گرنگترین هۆکاری کارکردنی منداڵ بریتین لە " هاوکاریکردنی خێزان" بەڕێژەی ٦٤٪ و " دابینکردنی پێداویستەکان" ٥٣.١٪. ئەم دوو هۆکارە سەرەکیە دەریدەخات کە کارکردنی منداڵ پێداویستیە و ناچارییە، هەروەها کاریگەری قەیرانی دارایی و خراپیی دۆخی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەی ناوخۆیی و پەناهەندە لە پشت ئەم هۆکارانەوە هەیە.

بە پێچەوانەوە، دوو هۆکاری تری سەرنجراکێش کە بریتین لە : پشتبەستن بەخوود" بەڕێژەی ١٥.٩٪ و " فێربوونی کار " بەڕێژەی ١٣.٩٪ لە زۆرترین هۆکارە دووبارەبووەکانن، کە دەخەری ئەوەیە کە تەنها هەژاری، یان پێداویستی هۆکاری سەرەکی کارکردنی منداڵ نین، بەڵکو فێربوونی پیشە و پشتبەستن بەخود لە تەمەنێکی منداڵیدا کاریگەری هەیە. هۆکارە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان لە هۆکارە بەهێزەکانی کارکردنی منداڵن، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە کارکردن وەک نیشانەی گەورەبوون و پیاوبوون سەیردەکرێت.

فشاری خێزان، بە ڕێژەی ١١.٧٪ یەکێکی تری لە هۆکارە دیارەکانی کارکردنی منداڵان. ئەم هۆکارەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پیداویستی خێزان و ناچارکردنی منداڵان بۆ کارکردن.

هەروەها، هۆکارەکانی پەیوەست بەخوێندنەوە، هۆکاری " وازهێنان لە خوێندن" و سەرنەکوتن لە خوێندن" بەڕێژەی ٦.٤٪ کاریگەری هەیە لەسەر کارکردنی منداڵان.

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە باوترین جۆری کارکردنی منداڵان بریتییە لە دەستگیری بە ڕێژەی ٣٦.٢٪، دەستگیری واتە کارکردنی منداڵان لەناو بازار و شوێنە قەرەباڵغەکاندا کە لەژێر سەرپەرشتی ئەندامانی خێزاندا نین و زۆرترین بەرکەوتەیان دەبێت لەگەڵ کەسانی تردا. بەزۆری منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی کاری دەستگیری دەکەن، چونکە پێوستی بە شارەزایی نیە، چاودێری لیژنەکان و ڕێکخستنەکانی ناوبازار نایانگرێتەوە.

بە ڕێژەی ٣٣.٣٪ و لە پلەی دووەمدا کاری شاگردی دێت، منداڵەکان لەم کارەدا زیاتر بۆ فێربوون و داهاتی ڕۆژانە کاردەکەن، لەلایەکەوە لەژێر چاودێری سەرپەرشتیار یان ئەندامانی خێزاندا کاردەکەن، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی جەستەیی و دەروونیان هەیە، کاری شاگردی وەک فیتەری، چێشتخانە و مارکێتەکان. یەکێکی تر لە داتا سەرنجراکێشەکان بریتیە لە کرێکاری کە ٨.٩٪ ی نموونەکە پێکدەهێنێت، کرێکاری لە بنەمادا کاری ڕۆژانەیە، بەکارێکی قورس و جەستەیی دادەنرێت. کاتێکی زۆر و کرێیەکی کەمی هەیە. ئەگەری فێربوون و بوون بە پیشەی سەربەخۆی نیە. دوو لەو کارانەی کە منداڵی ئیشکەر ئەنجامی دەدەن، بەپێی پێناسی خۆیان بە کار ناویدەبەن، بریتیە لە " کۆکردنەوەی شت" بەڕێژەی ٦.٤٪ و سوالکەری بەڕێژەی ٢.٢٪، لە مەترسیدارترین جۆرەکانن.

ئەنجامی ئەم خشتەیە دەریدەخەن کە نزیکەی ٧٠٪ ی کارکردنی منداڵان لە کەرتی نافەرمی و سەر شەقامەکاندا چڕبووەتەوە (بەتایبەت دەستگیری و شاگردی)، ئەمەش

ئاماژەیە بۆ نەبوونی سەرپەرشتی دامەزراوەیی و پاراستنی خێزانی. ئەم دۆخە دەیسەلمێنێت کە پێویستیی دارایی منداڵانی ناچار کردووە ڕوو لە کارە جەستەییە قورسەکان بکەن، کە لە لایەکەوە گەشەی پیشەیی تێدا نییە و لە لایەکی تریشەوە دەیانخاتە بەر مەترسییەکی زۆری جەستەیی و دەروونی.

خشتەی (10)

جۆری کار لەڕووی یاساییەوە؟					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	کاری ڕێکخراو	2	.2٪	.2٪	.2٪
	کاری ڕێکخراو (سەروو ١٥ ساڵ و بەڕۆژدا کار دەکات لەژێر چاودێری خاوەنکار کە خێزانی خۆیەتی)	304	30.6٪	٪30.6	30.8٪
	کاری ناڕێکخراو	2	.2٪	.2٪	31.0٪
	کاری ناڕێکخراو (خوار ١٥ ساڵ)	680	68.4٪	٪68.4	99.4٪
	هیتر	6	٪.6	٪.6	100.0٪
	کۆی گشتی	994	100.0٪	٪100.0	

ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەکانەوە دەستنیشانکراوە، کە لەسەر بنەمای یاسای کاری عێراقی، ڕێکخراویی و ناڕێکخراویی کاری منداڵان دەستنیشان دەکات. لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە زۆرینەی هەرە زۆری منداڵانی نموونەکە، واتە٦٨.٤٪، لە چوارچێوەی "کاری ناڕێکخراو"دا کار دەکەن کە تەمەنیان لە خوار ١٥ ساڵییەوەیە. ئەم ڕێژە بەرزە ئاماژەیەکی مەترسیدارە بۆ پێشێلکردنی یاسای کاری عێراقی و نێودەوڵەتی، چونکە ئەم منداڵانە لە تەمەنێکدایە کە دەبێت لە پرۆسەی خوێندندا بن، نەک لە بازاڕەکاندا، چونکە کاتی کۆکردنەوەی داتاکان لە وەرزی خوێندندا بووە.

لەخشتەکەوە دەردەکەوێت، کە کۆی گشتی ئەو منداڵانەی لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسایی کار دەکەن (خوار ١٥ ساڵ و جۆرەکانی تری کاری ناڕێکخراو) نزیک دەبێتەوە لە ٦٩٪. ئەمەش دەریدەخات کە زۆربەی جۆرەکانی کارکردنی منداڵان لە ناوچەکەدا نەک هەر پارێزراو نین، بەڵکو لە ڕووی یاساییەوە وەک سەرپێچی هەژمار دەکرێن.

لە کاتێکدا، ڕێژەی کاری ڕێکخراو دەکاتە ٣٠.٦ ٪ ، ئەم ڕێژەیە ئەو منداڵ و مێرمنداڵانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە سەروو ١٥ ساڵە و لە ژێر چاودێری خێزانەکانیاندا بە ڕۆژ کار دەکەن. هەرچەندە ئەم جۆرە کارە کەمترین زیانی یاسایی هەیە، بەڵام هێشتا بەشێکی بەرچاوی نموونەکە پێکدەهێنێت و پێویستی بە چاودێری هەیە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی دابڕانی یەکجارییان لە خوێندن.

سەبارەت بەڕێژەی کاری ڕێکخراوی کە تەنها ٠.٢٪ی نموونەکە پێکدەهێنێت، منداڵان لە کارێکی تەواو ڕێکخراودان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دەزگاکانی چاودێری کار و یاسا، دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان بەسەر شوێنی کارکردنی منداڵاندا نییە. جێگای سەرنج و کارکردنە لەو بارەیەوە.

4.3 پرسیاری تایبەت بە خوێندن :

خشتەی (11)

خشتەی ئاوێتەی نێوان ڕەگەز و خوێندن (دەچێت بۆ قوتابخانە)؟					
		دەخوێنێت (دەچێت بۆ قوتابخانە) ؟			کۆ
		بەڵێ		نەخێر	
ڕەگەز	مێ	12	١٧.٤٪	57	٨٢.٦٪	69
	نێر	298	٣٢.٢٪	627	٦٧.٨٪	925
کۆی گشتی		310	٣١.٢٪	684	٦٨.٨٪	994

خشتەی (11) پەیوەندی نێوان ڕەگەزی نموونەکە و بەردەوام بوون لە پرۆسەی خوێندن دەخاتەڕوو. خشتەکە جیاوازی ڕەگەزی لە دابڕان لە خوێندن دەردەخات، کە منداڵانی ئیشکەری مێ بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر لە منداڵانی نێر لە خوێندن دابڕاون. ڕێژەی دابڕانی کچان دەگاتە ٨٢.٦٪ ، لە کاتێکدا بۆ کوڕان ڕێژەکە کەمترە ٦٧.٨٪ ـە. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کچانی ئیشکەر ڕووبەڕووی پەراوێزخستنی زیاتر دەبنەوە و ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ قوتابخانە کەمترە. هەروەها ئەو جیاوازییە ڕەگەزییە دەردەخات، کە ئیشکردنی منداڵان لای کچان ئەگەر دابڕاندنی لە خوێندن زیاترە لە کوڕان.

بەڵام، داتاکان باڵادەستی ڕەگەزی نێر لە کارکردندا دەردەخات، کە زۆرینەی هەرە زۆری نموونەکە لە ڕەگەزی نێرن بەڕێژەی (٩٣٪)، ئەمەش دەریدەخات کە کارکردنی منداڵان لە هەرێمەکەدا دیاردەیەکی "نێرینە"یە و کوڕان زیاتر ڕەوانەی بازاڕ دەکرێن بۆ کارکردن. ئەم دیاردەیە پێشینەی کولتووری و کۆمەڵایەتی هەیە. منداڵە کوڕەکان لە پێش کچەکانەوە چاوەڕوانی کارکردن و سەربەخۆبوونی ئابووریان لێدەکرێت.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12617]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

لە هەمانکاتدا، خشتەکە دەرفەتی خوێندن و کارکردن لە پەیوەندیدا بە ڕەگەزەوە دەردەخات، تەنها ٣٢.٢٪ ی کوڕە ئیشکەرەکان دەتوانن لە هەمان کاتدا بخوێنن، لە بەرامبەردا تەنها ١٧.٤٪ی کچە ئیشکەرەکان ئەو دەرفەتەیان بۆ ماوەتەوە. ئەمە دەریدەخات کە کچان کاتێک دێنە ناو بازاڕی کارەوە، بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزتر (چوار ئەوەندەی ئەوانەی دەخوێنن) بە یەکجاری قوتابخانە جێدەهێڵن.

بەشێوەیەکی گشتی، تۆژینەوەکە دەریدەخات کە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان کارکردن و خوێندندا هەیە، کە ئەم پەیوەندییە لە ڕەگەزی مێدا تووندتر و خراپترە. کچانی ئیشکەر کەمترین چانسیان هەیە بۆ هاوسەنگکردنی نێوان کار و خوێندن، ئەمەش پێویستی بە بەرنامەی تایبەت هەیە بۆ پاراستنی کچان لە بازاڕی کار و هاندانیان بۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن.

خشتەی (12)

ئەگەر بەڵێ پۆلی چەندیت؟					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	9	46	٪4.6	٪4.6	٪4.6
	8	41	٪4.1	٪4.1	٪8.8
	7	52	٪5.2	٪5.2	٪14.0
	6	33	٪3.3	٪3.3	٪17.3
	5	46	٪4.6	٪4.6	٪21.9
	4	29	٪2.9	٪2.9	٪24.8
	3	25	٪2.5	٪2.5	٪27.4
	2	10	٪1.0	٪1.0	٪28.4
	12	3	٪.3	٪.3	٪28.7
	11	6	٪.6	٪.6	٪29.3
	10	21	٪2.1	٪2.1	٪31.4
	1	8	٪.8	٪.8	٪32.2
	0	21	٪2.1	٪2.1	٪34.3
		653	٪65.7	٪65.7	٪100.0
	کۆی گشتی	994	100.0	100.0	

خشتەکە، پۆلی خوێندنی ئەو منداڵانە دەردەخات کە کاردەکەن و هێشتا لە خوێندن بەردەوامن. بەپێی خشتەی پێشوو، زۆرینەی نموونەکە کە دەکاتە نزیکەی ٦٥.٧٪ ی منداڵەکان لە خوێندن دابڕاون. بەڵام، لەناو ئەو منداڵانەی کە هێشتا لە خوێندن بەردەوامن، بەپێی ڕیزبەندی زۆرینە، بریتین لە پۆلی ٧ (٥.٢٪) و پۆلی ٩ (٤.٦٪) و پۆلی ٥ (٪ ٤.٦) زۆرترین ڕێژەی منداڵە ئیشکەرەکانیان تێدایە. ئەمەش نیشان دەدات کە لە قۆناغی کۆتایی بنەڕەتی (ناوەندی) فشارە ئابووریەکان زیاد دەکەن و منداڵان ڕوو لە بازاڕ دەکەن. هەروەها، ئەم گرووپە لە منداڵەکان لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵیەوەن. بە پێچەوانەوە، کەمترین ڕێژە لەپۆلی ١٢ تەنها ٠.٣٪ پێکدەهێنێت. ئەمە دەریدەخات کە زۆر بە دەگمەن منداڵێکی ئیشکەر دەگاتە قۆناغی کۆتایی ئامادەیی؛ چونکە زۆربەیان پێش گەیشتن بەو قۆناغە بەهۆی کارەوە واز لە خوێندن دەهێنن. خشتە داتای گرنگ و سەرنجڕاکێش دەخاتەڕوو، کە بریتیە لە ئاستی بەرزی ڕێژە لە قۆناغی بنەڕەتی، واتە زۆرینەی ئەو منداڵانەی هێشتا لە خوێندن ماون (لە پۆلی ١ تا ٩)ـن. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تەمەنی منداڵە ئیشکەرەکان لە قۆناغی هەستیار و سەرەتایی گەشەدایە. هەروەها، کەمی ڕێژە لەپۆلە ئامادەییەکان، کاتێک سەیری پۆلەکانی (١٠، ١١، ١٢) دەکەین، ڕێژەکە زۆر کەم دەبێتەوە (٣٪). ئەمە پێمان دەڵێت کە کارکردنی منداڵ لەو قۆناغەدا دەبێتە هۆی دابڕانی هەمیشەیی پێش گەیشتن بە زانکۆ و پەیمانگاکان.

هەروەها، خشتەکە ئاماژە بەڕێژەی پۆلی "سفر" (٢.١٪) دەکات، هەبوونی ٢١ منداڵ لە پۆلی سفر (یان باخچە)، یان هەر نەچوونەتە بەرخوێندن و کار دەکەن، ئاماژەیەکی یەکجار مەترسیدارە بۆ بەکارهێنانی منداڵانی زۆر تەمەن بچووک لە بازاڕەکاندا. ئەم منداڵانە بەزۆری کاری دەستگێڕی یان سوالکەری دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی، خشتەکە دەریدەخات کە مەترسی دابڕان لە خوێندن هەیە، بەڕێژەی ٦٥.٧٪ی نموونەکە لە دەرەوەی پرۆسەی پۆلێنکردنی خوێندنن، کە ئەمە گەورەترین ئاستەنگە بۆ ئایندەی مرۆیی لە ناوچەکەدا. بەهەمانشێوە،دابڕانی خوێندن لە پۆلەکانی ٥، ٧، ٨، و ٩ "قۆناغی مەترسین، چونکە زۆرترین منداڵی ئیشکەر لەم پۆلانەدا چڕبوونەتەوە و ئەگەری وازهێنانیان زۆرە. لەسەر ئاستێکی تر، مەترسی کۆتایهێنان بە خوێندن هەیە، داتاکان دەیسەلمێنن کە کارکردن لە تەمەنی منداڵیدا "کۆتاییهێنەرە" بە خەونی گەیشتن بە خوێندنی باڵا، چونکە ڕێژەی گەیشتن بە پۆلی ١٢ نزیکە لە سفر، ئەگەر کاری بەپەلە نەکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ بەرخوێندن.

خشتەی (13)

ئەگەر نەخێر پێشتر چوویتە قوتابخانە؟				
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	نەخێر	216	٪21.7	٪21.7	٪21.7
	بەڵێ	451	٪45.4	٪45.4	٪67.1
		327	٪32.9	٪32.9	٪100.0
	کۆی گشتی	994	٪100.0	٪100.0	

ئەم خشتەیە داتا ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو کە: "ئایا ئەم منداڵانە هەرگیز چوونەتە قوتابخانە یان لە بنەڕەتەوە بێبەش بوون؟". لە خشتەکەوە، سێ گرووپی جیاواز دەخرێنەڕوو، یەکەمیان داتای گرووپی ئەو منداڵانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە، واتە پێشتر لە قوتابخانە بوون (بەڵێ)، ڕێژەیان زۆرینەیە و بریتیە لە (٤٥.٤٪). ئەمە گەورەترین گرووپە لەناو منداڵانی ئیشکەردا. ئەم ڕێژە بەرزە دەیسەلمێنێت کە زۆربەی منداڵانی ئیشکەر وازیان لە خوێندن هێناوە نەک "نەچوون بۆ قوتابخانە". واتە پرۆسەی خوێندنیان دەستپێکردووە، بەڵام فشارە ئابوورییەکان یان کۆمەڵایەتییەکان ناچاری کردوون لە ناوەڕاستی ڕێگادا واز بهێنن و ڕوو لە بازاڕ بکەن.

گرووپی دووەم، بەڕێژەی ٪٢١.٧ بریتیە لە گرووپی "بێبەشبووان" (نەخێر). ئەم ڕێژەیە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە هەرگیز نەچوونەتە قوتابخانە. ئەمە مەترسیدارترین جۆری کارکردنە، چونکە ئەم منداڵانە بە تەواوی لە مافی سەرەتایی فێربوونی خوێندن و نووسین بێبەش بوون، کە ئەمەش ڕێژەی "نەخوێندەواریی ڕەها" لە کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە. هەروەها گرووپی سێیەمی خشتەکە، گرووپی بێ وەڵام یان بەردەوامەکان (٣٢.٩٪)، ئەم منداڵانە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە خشتەکانی پێشوودا دەرکەوت کە هێشتا لە خوێندن بەردەوامن.

بەشیوەیەکی گشتی، خشتەکە دەریدەخات کە قوتابخانە نەیتوانیوە بەرگری لە مەیلی منداڵان بکات بۆ کارکردن، یان بارودۆخی دارایی خێزانەکان بەهێزتر بووە لە گرنگیی بەردەوامیی خوێندن. هەروەها سەبارەت بە دیاردەی "نەخوێندەواریی ڕەها"، بوونی ٪٢١.٧ ی منداڵانی ئیشکەر کە هەرگیز نەچوونەتە قوتابخانە، ئاماژەیە بۆ بوونی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە بە تەواوی لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەیین و تەنها لەناو بازاڕدا گەورە دەبن، مەترسی لەسەر ئەم تۆڕە دەکرێت چەندان باری گرووپەکانی تر بێت. هەروەها، کارکردنی منداڵان هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی نزیکەی نیوەی نموونەکە واز لە خوێندن بهێنن دوای ئەوەی دەستیان پێکردووە. لە خشتەکەوە دەکرێت گەڵاڵەی ئەو دەرئەنجامە بکرێت کە پێویستە دەستێوەردانی خێرا بکرێت، نەک تەنها بۆ ڕێگریکردن لە وازهێنانی خوێندکاران، بەڵکو بۆ دابینکردنی خولی فێربوونی خێرا بۆ ئەو ٪٢١.٧ی کە هەرگیز نەچوونەتە قوتابخانە.

خشتەی (14)

لەبەرچی وازت لە قوتابخانە هێناوە؟				
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	هیتر	24	٪2.4	٪2.4	٪2.4
	هەڵوەشانەوەی خێزان	4	٪.4	٪.4	٪2.8
	هەژاری	79	٪7.9	٪7.9	٪10.8
	نەبوونی ناسنامە	15	٪1.5	٪1.5	٪12.3
	دەرنەچووم لە قوتابخانە	72	٪7.2	٪7.2	٪19.5
	حەزم لە خوێندن نییە	194	٪19.5	٪19.5	٪39.0
	تۆندوتیژی مامۆستا	12	٪1.2	٪1.2	٪40.2
	بەهۆی کارکردن	126	٪12.7	٪12.7	٪52.9
	بەزۆر دەریان هێنام لە خوێندن	12	٪1.2	٪1.2	٪54.1
	ئاوارەبوون	109	٪11.0	٪11.0	٪65.1
		347	٪34.9	٪34.9	٪100.0
	کۆی گشتی	994	٪100.0	٪100.0	

ئەم خشتەیە داتا سەبارەت بە هۆکارە بنەڕەتییەکانی" وازهێنان لە خوێندن لای منداڵانی ئیشکەر" دەخاتەڕوو.

گرنگترین هۆکارەکان، بریتین لە بێزاری و حەزنەکردن لە خوێندن بەڕێژەی (١٩.٥٪)، ئەمە زۆرترین ڕێژەی وەڵامەکانە (١٩٤ منداڵ). ئەم داتایە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سیستەمی پەروەردە، چونکە دەری دەخات کە ژینگەی قوتابخانە بۆ ئەم منداڵانە هێندە سەرنجڕاکێش نەبووە تا ڕێگری بکات کارکردنی منداڵ لەسەر ئاستی دووەم، هۆکاری کارکردن بەڕێژەی (١٢.٧٪) کاریگەر بووە، ئەمە نیشانی دەدات کە پێویستیی کارکردن بۆ دابینکردنی بژێوی، هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ دابڕانی ئەوڕێژەیە لە نموونەی توێژینەوەکە لە خوێندن. هۆکاری سێیەمین بریتیە لە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12617]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

ئاوارەبوون بەڕێژەی (١١.٠٪)، ئەم ڕێژەیە داتایەکی بەرچاوە و دەری دەخات کە ناسەقامگیری سیاسی و ئاسایشی لە ناوچەکەدا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر بێبەشبوونی منداڵانی ئاوارە لە خوێندن.

لە خشتەکەوە داتای کەم بەڵام سەرنجڕاکێش بەرچاودەکەوێت کە، هۆکاری دەرنەچوون لە قوتابخانە بەڕێژەی (٧.٢٪)ە، بوونی ئەم ڕێژەیە کە بەهۆی "کەوتن" لە وانەکان وازیان هێناوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سیستەمی فێربوون هاوکاری ئەو منداڵانەی نەکردووە کە ئاستی زانستییان نزم بووە، بەڵکو پاڵی پێوەناون بەرەو بازار. هۆکارێکی تری سەرنجڕاکێش بریتیە لە " هەژاری (٧.٩٪)"، هەرچەندە ڕەنگە چاوەڕوان بکرایە ئەمە یەکەم هۆکار بێت، بەتایبەتی لە خشتەی (١٣) دا دەرکەوت کە زۆرینەی نموونەکە بۆ دابینکردنی پێداویستی و یارمەتی خێزان کاردەکەن، بەڵام لەم خشتەیەدا لە دوای هۆکارەکانی "حەزنەکردن" و "کارکردن" دێت، ئەمەش دەکرێت بەو مانایە بێت کە هەژاری خۆی لە ناو هۆکارەکانی وەک "کارکردن" و "ئاوارەبوون"دا بەرجەستەدەکاتەوە، یان دانان بە هەژاری وەک هۆکاری سەرەکی کارکردن جۆرێک لە شەرم یان لەنگی دروست بکات لای منداڵەکان و هەڵینەبژێرن. هۆکاری نەبوونی ناسنامە (١.٥٪)، جێگای سەرنجە، لە کاتێکدا ئەمە کێشەیەکی یاساییە، تەنها بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەی فەرمی لە مافی خوێندن بێبەش بوون، ئەم منداڵانە، ئاوارە و پەناهەندەکانن کە گرفتی ناسنامەیان هەیە.

هەرچەندە کەمترین ڕێژەکان لە هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان (٠.٤٪)، تووندوتیژی ماموستا (١.٢٪) و بەزۆر دەرهێنان لە خوێندن (١.٢٪) تومارکراون، بەڵام ئەم ڕێژە کەمانە نیشانی دەدەن کە فشاری جەستەیی و تووندوتیژی ڕاستەوخۆ هۆکاری سەرەکی نین بەراورد بە هۆکارە دەروونی و ئابووریەکان.

هەندێک هۆکاری تر بەڕێژەی (٢.٤٪) "هی تر" بریتیبوون لە "تەمەنی خوار تەمەنی قوتابخانەیە، قوتابخانە دوورە، زمانگێرن، کێشەی تەندروستی و جەستەیی، ڕێگریکردن لە خوێندن لە لایەن خێزانەوە، شەڕی داعش "

بەشێوەیەکی گشتی، لە خشتەکەوە دەریدەخات لە هۆکارگەلی وەک قەیرانی دەروونی-پەروەردەیی، گەورەترین هۆکاری وازهێنان (١٩.٥٪)، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە منداڵەکان حەزیان لە خوێندن نییە، ئەمەش بەو مانایەیە کە سیستەمی خوێندن نەیتوانیوە منداڵەکان لە خۆ بگرێت. هەروەها پێویستیی ئابووری و ژیان، کۆی هۆکارەکانی (کارکردن، هەژاری، ئاوارەبوون) پێکەوە زیاتر لە ٣١٪ ی هۆکارەکان پێکدەهێنن، کە ئەمە دەیسەلمێنێت "ناچاری" بزوێنەری سەرەکییە بۆ کارکردنی منداڵ، لەناو دۆخی ناسەقامگیری ئابووریی و سیاسیدا.

خشتەی (15)

لەپۆلی چەند وازت لە قوتابخانە هێناوە؟					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	٩-٧	158	٪15.9	٪15.9	٪15.9
	٦-٤ ١-٣	1	٪.1	٪.1	٪16.0
	٦-٤	185	٪18.6	٪18.6	٪34.6
	١٢-١٠	22	٪2.2	٪2.2	٪36.8
	٩-٧ ٣-١	1	٪.1	٪.1	٪36.9
	٦-٤ ٣-١	1	٪.1	٪.1	٪37.0
	٣-١	116	٪11.7	٪11.7	٪48.7
		510	٪51.3	٪51.3	٪100.0
	کۆی گشتی	994	٪100.0	٪100.0	

خشتەی (15) ووردەکاری زیاتر سەبارەت بە وازهێنانی نموونەکە لە خوێندن دەخاتەڕوو، بەتایبەت پرسیار لەبارەی دوا ئاستی خوێندنەوە دەکات. لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە لە قۆناغی ٤-٦ی بنەڕەتی (١٨.٦٪)ە. ئەمە نیشانی دەدات کە لە تەمەنی (١٠ بۆ ١٢ ساڵی)، کە منداڵ خەریکە دەچێتە قۆناغی مێرمنداڵییەوە، زۆرترین فشاری لەسەرە یان زۆرترین مەیلی بۆ بازاڕ بۆ دروست بووە، کە دەتوانێت لە دونیا گەورەکاندا لە دەرەوەی چاودێری خێزان مامەڵە بکات. پاشان، قۆناغی ٧-٩ی بنەڕەتی بەڕێژەی (١٥.٩٪) لە پلەی دووەمدا دێت. ئەمەش تەمەنی پانزە ساڵ بەرەوەخوارەوە دەکات، کە زۆرترین منداڵی ئیشکەرن لە توێژینەوەکەدا. هەروەها، تەمەنی هەرزەکاری، تەمەنێکی هەستیارە بۆ بڕیاردان لە بەردەوام بوون لە خوێندن یان تێکەڵاوبوون بە دونیا گەورەکان و کارکردن لە بازاڕدا. جێگای سەرنجە، کە ڕێژەی (١١.٧٪)ی نموونەکە لە قۆناغی ١-٣ی بنەڕەتی وازیان لە خوێندن هێناوە، ئەم گرووپە هەر لە سەرەتای خوێندنەوە (تەمەنی ٦ بۆ ٩ ساڵ) وازیان هێناوە. ئەمە ئاماژەیە بۆ "نەخوێندەوارییەکی مەترسیدار" چونکە ئەم منداڵانە تەنانەت بنەماکانی نووسین و خوێندنیشیان وەرنەگرتووە. بەپێچەوانەوە، وازهێنان لە قۆناغی ١٠-١٢ی ئامادەیی (٢.٢٪) کەمترین ڕێژەی وازهێنان لێرەدایە، چونکە وەک لە خشتەکانی پێشوودا دیارە، زۆر کەم لە منداڵانی ئیشکەر دەگەنە ئەم قۆناغە.

بەشێوەیەکی گشتی، خشتەکە دەریدەخات کە، قۆناغی مەترسی وازهێنان لە خوێندن، قۆناغەکانی پۆلی ٤ تا ٩ ی بنەڕەتین کە مەترسیدارترین قۆناغن بۆ منداڵانی ئیشکەر. ئەگەر منداڵەکە

بتوانێت پۆلی ٩ ببڕێت، ئەگەر وازهێنانی زۆر کەم دەبێتەوە. هەروەها، دیاردەی "نەخوێندەواریی منداڵ" و وازهێنانی ١١.٧٪ لە پۆلی ١-٣ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بازاڕی کار منداڵان لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا لەخۆدەگرێت، بێ ئەوەی دەرفەتی فێربوونی سەرەتاییان بدات. لەبەرئەوە، پێویستە بەرنامەکانی "ڕێگریکردن لە وازهێنان" زیاتر لەسەر قوتابخانە بنەڕەتییەکان (بە تایبەت پۆلی ٤ و ٥ و ٦) چڕ بکرێنەوە، چونکە لێرەوە لێشاوی وازهێنان دەست پێدەکات.

خشتەی (16)

ئارەزوو دەکەیت بگەڕێیتەوە بۆ قوتابخانە؟					
		دووبارە	ڕێژە	ڕێژەی تەواو	ڕێژەی کەڵەکەبوو
گۆڕاو	نەخێر	475	٪47.8	٪47.8	٪47.8
	بەڵێ	180	٪18.1	٪18.1	٪65.9
		339	٪34.1	٪34.1	٪100.0
	کۆی گشتی	994	٪100.0	٪100.0	

خشتەی (١٦) ئارەزووی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە لای نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو. لە خشتەکەوە بێئومێدی و ڕەتکردنەوەی قوتابخانە بە ڕێژەی (٤٧.٨٪) بەدیدەکرێت، ئەمە گەورەترین ڕێژەیە لەناو نموونەی توێژینەوەکە، کە نزیکەی نیوەی نموونەکە دەڵێن "نەخێر"، نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە. ئەم وەڵامە دەکرێت چەند ڕەهەندێکی هەبێت، لەوانە، خۆگونجاندن لەگەڵ بازاڕ، منداڵەکە ڕاهاتووە بە دەستکەوتنی پارە و ژینگەی کار، بۆیە قوتابخانە وەک شوێنێکی "بێ سوود" یان "قورس" دەبینێت. لەلایەکی ترەوە، شکستی سیستەمی پەروەردە، دەریدەخات لە دروستکردنی ئومێدی داهاتوویەکی گرنگ لای منداڵەکان. هەروەها دیاردەی نامۆبوون بە خوێندن وەک دەرکەوتەیەک لای نموونەکە بەدیدەکرێت، کە قوتابخانە وەک نامۆ و بازاڕ وەک ئاشنا دەبینن.

بەڵام، ئارەزووی گەڕانەوە بۆ خوێندن بەڕێژەی (١٨.١٪) لای نموونەکە بەدیدەکرێت، ئەمە تەنها کەمتر لە یەک لەسەر پێنجی نموونەکەیە، کە هیوای گەڕانەوەیان بۆ قوتابخانە هەیە. ئەم گرووپە ئەو منداڵانەن کە هێشتا بەهای خوێندن دەزانن یان بە ناچاری و لەبەر هەژاری وازیان هێناوە، بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە هێشتا بەستراونەتەوە بە ژینگەی فێربوونەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین لە خشتەکەوە، ئەوە هەڵهێنجێنین کە کارکردنی منداڵان تەنها دابڕانی جەستەیی نییە لە قوتابخانە، بەڵکو دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی دەروونیش، بە جۆرێک کە ٤٧.٨٪ یان چیتر قوتابخانە وەک ئامانج نابینن.

لەبەرئەوە، گرنگە کە هەر بەرنامەیەک بۆ گەڕانەوەی منداڵانی ئیشکەر بۆ قوتابخانە دەبێت سەرەتا کار لەسەر "هاندانی دەروونی" بکات، چونکە بەبێ دروستکردنەوەی حەز بۆ خوێندن، تەنها بە یاسا و فشار منداڵەکان ناگەڕێنەوە.

لە کۆی خشتەکانەوە، توێژینەوەکە دەیسەلمێنێت کە کارکردنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان تەنها کێشەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو قەیرانێکی پەروەردەیی و دەروونییە .سیستەمی پەروەردە نەیتوانیوە بەرگری لە مەیلی منداڵ بکات بۆ کارکردن، و بازاڕی کاریش بەبێ هیچ چاودێرییەک منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی لەخۆدەگرێت، بەتایبەت لە قۆناغی ناوەندیدا.

5. دەرەنجام

1. زۆرینەی هەرە زۆری منداڵانی ئیشکەر لە ڕەگەزی نێرن (٩٣٪)، کە ئەمە دەریدەخات کارکردنی منداڵان لە ناو بازاڕدا دیاردەیەکی پەیوەستە بە نێرینەوە.
2. ڕێژەیەکی مەترسیداری منداڵان لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە (خوار ١٥ ساڵ) دەست بە کار دەکەن، کە بەپێی یاسا بە نایاسایی هەژمار دەکرێت.
3. باوترین جۆری کار بریتییە لە دەستگێڕی (٣٦.٢٪) و شاگردی (٣٣.٣٪) .ئەم کارانە منداڵان دەخەنە بەردەم مەترسیی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی چونکە لەژێر چاودێرییەکی یاسایی یان خێزانیی ڕاستەوخۆدا نین.
4. کۆکردنەوەی پاشماوە و سوالکەری پێکەوە ڕێژەی نزیکەی ٩٪ پێکدەهێنن، کە مەترسیدارترین جۆرن بۆ سەر تەندروستی و سەلامەتیی منداڵ.
5. نزیکەی ٦٨.٨٪ی منداڵانی ئیشکەر بە تەواوی لە پرۆسەی خوێندن دابڕاون. ئەمە نیشانی دەدات کە کارکردن بووەتە جێگرەوەی قوتابخانە نەک تەنیشت-خوێندن.
6. زۆرترین ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لە نێوان پۆلەکانی ٤ بۆ ٩ی بنەڕەتیدایە. ئەمە قۆناغی مەترسیە کە تێیدا منداڵ بەیەکجاری پەیوەندی بە سیستەمی پەروەردەوە دەپچڕێت.
7. کچانی ئیشکەر بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزتر ٨٢.٦٪ لە خوێندن دابڕاون بەراورد بە کوڕان، ئەمەش نیشانەی پەراوێزخستنی زیاتری کچانە لە کاتی کارکردندا.
8. پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، تەنها هەژاری هۆکار نییە، بەڵکو "حەزنەکردن لە خوێندن" (١٩.٥٪) گەورەترین هۆکاری وازهێنانە، ئەمەش شکستی ژینگەی قوتابخانە دەسەلمێنێت لە ڕاکێشانی منداڵان.
9. ئاوارەبوون ١١٪ کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر تێکچوونی باری خوێندنی منداڵان و ڕوکردنە بازاڕ.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12617]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

10. نزیکەی ٤٧.٨٪ی منداڵانی ئیشکەر هیچ ئارەزوویەکیان بۆ گەڕانەوە بۆ قوتابخانە نییە. ئەمە مەترسیدارترین دەرئەنجامە، چونکە نیشانی دەدات کە منداڵەکە لە ڕووی بەتەواوەتی دابڕاوە لە خوێندن.
11. نزیکەی ٦٨.٤٪ی منداڵان لە چوارچێوەی "کاری ناڕێکخراو"دا کار دەکەن و تەمەنیان لە خوار ١٥ ساڵییەوەیە. ئەمە بۆشاییەکی گەورە لە نێوان جێبەجێکردنی یاسای کار و واقیعی ناو بازاڕ نیشان دەدات.

7. پێشنیاز و ڕاسپاردەی توێژینەوە:

7.1 ڕاسپاردە بۆ لایەنی پەیوەندیدار:

1. بەوپێیەی (١٩.٥٪)ی منداڵان بەهۆی "حەزنەکردن لە خوێندن" وازیان هێناوە، پێویستە وەزارەتی پەروەردە ژینگەی قوتابخانە سەرنجراکێشتر بکات و وانەی هونەری، وەرزش و لێهاتوویی پیشەیی زیاد بکات بۆ ئەوەی منداڵان تەنها وەک شوێنێکی تیۆری سەیری قوتابخانە نەکەن.
2. پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان و لێژنەکانی قایمقامیەت چاودێری وردی بازاڕ بکەن، بەتایبەت بۆ ڕێگریکردن لە کارکردنی منداڵانی خوار ١٥ ساڵ لە پیشە مەترسیدارەکانی وەک (کۆکردنەوەی پاشماوە و دەستگێڕی) کە (٦٨.٤٪)ی نموونەکە پێکدەهێنن.
3. بەوپێیەی هەژاری و کارکردن هۆکاری سەرەکین، پێویستە حکومەت لە ڕێگەی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە مووچەیەکی مانگانە بۆ ئەو خێزانە هەژارانە دابین بکات کە منداڵەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ قوتابخانە، تا ناچار نەبن منداڵ بۆ بژێوی ژەوانەی بازاڕ بکەن.
4. بەهۆی ئەوەی کچانی ئیشکەر زۆرترین ڕێژەی دابڕانیان لە خوێندن هەیە (٨٢.٦٪)، پێویستە خولی تایبەت و خێرا بۆ کچان بکرێتەوە لە لایەن ڕێکخراوە پەیوەندیدار و پیشەییەکانەوە.
5. پێویستە توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە قوتابخانەکاندا بە وردی چاودێری پۆلەکانی (٤ بۆ ٩) بکەن، چونکە ئەمە "ناوچەی مەترسی"یە بۆ وازهێنان، تا بەر لەوەی منداڵەکە بڕیاری وازهێنان بدات.
6. بەپێی خشتەی (٢١) کە دەڵێت ٤٧.٨٪ نایانەوێت بگەڕێنەوە، ڕاسپاردە بکە کە حکومەت تەنها بیری لای "قوتابخانەی ئاسایی" نەبێت، بەڵکو "سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی کورتخایەن "بکاتەوە بۆ ئەو منداڵانەی نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ پۆل، تا لانی کەم لە ناو بازاڕدا پیشەیەکی زانستی فێر ببن و نەبنە قوربانی.
7. فێربوونی پیشەیی هاوتەریب دابینبکرێت بۆ ئەو منداڵانەی نایانەوێت بگەڕێنەوە (٤٧.٨٪)، پێویستە حکومەت قوتابخانەی پیشەیی تایبەت بکاتەوە کە لە هەمان کاتدا هەم بخوێنن و هەم فێری پیشەیەک بن، تا شوناسە نوێیەکەیان (کارکردن) وەک هەڕەشە بۆ سەر خوێندنەکەیان نەبینن.

7.2 .پێشنیار بۆ توێژەرانی داهاتوو :

بەهۆی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە چەند ڕەهەندێکی نوێی خستە ڕوو، پێشنیار دەکەین توێژەرانی داهاتوو کار لەسەر ئەم تەوەرانە بکەن:

1. توێژینەوەی بەراوردکاری :بەراوردکردنی بارودۆخی منداڵانی ئیشکەری ناوخۆ لەگەڵ منداڵانی ئاوارە و پەنابەر، بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی "شوناس" لەسەر دابڕان لە خوێندن.
2. توێژینەوەی چۆنێتی :ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی قوواڵ لەگەڵ ئەو (١٩.٥٪) منداڵەی کە دەڵێن "حەزمان لە خوێندن نییە" بۆ زانینی هۆکارە شاراوەکانی پشت ئەم بڕیارییە (ئایا پەیوەندی بە مامۆستایە، ژینگەی قوتابخانەیە، یان پرۆگرامە؟).
3. ڕۆڵی خێزان :توێژینەوە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی دایک و باوکی منداڵە ئیشکەرەکان و پەیوەندیی بە وازهێنانی منداڵەکانیان لە خوێندن .

8. لیستی سەرچاوەکان (Referencing)

1. حەمەسعید، ئارام تۆفیق. (٢٠٢٤). پەیوەندی نێوان تیۆر و پراکتیک لە توێژینەوەی کۆمەڵناسیدا: توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ نامەکانی دکتۆرای بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا ،تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی. توێژینەوەی بڵاونەکراوە.
2. ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان (2007) ڕووپێوی منداڵانی ئیشکەر لەشاری هەولێر.
3. کۆماری عێراق. (٢٠١٥). یاسای کار، ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥. ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی، ژمارە (٤٣٨٧). بەغداد: چاپخانەی وەزارەتی داد

1. Aziz, H. M., & Hamad, K. Q. (2021). Causes of School Dropouts in the Kurdistan Region of Iraq. ResearchGate. https://doi.org/10.13140/RG.2.2.14444.69769
2. Bryman, Alan. (2012) Social research methods. 4th ed. Oxford, New York. Oxford university press.

Baghdad: IOM Publications. (Page 15, Table 3.2).

5. UNICEF. (2021). *Child Labour: Global estimates 2020, trends and the road forward*. New York: United Nations Children's Fund.

6. International Labour Organization (ILO). (2015). *World Report on Child Labour: Paving the way to decent work for young people*. Geneva: ILO Office.,

3. International labour organization, 2025 , https://www.ilo.org/resource/news/national-conference-child-labour-iraq-towards-national-strategy-protect#:~:text=Zakia%20Saleh%20Abdul%20Khaliq%2C%20Deputy,number%20of%20displaced%20persons%20 and

4. IOM Iraq. (2025). Labour Market Survey: Child Participation in Informal Economies.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12617]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]